السنّة النبوية وعلومها
www.sunnah.global

# من زامنی بەدەستهێنانی خانوویەک دەکەم لە لایەکی بەهەشتدا بۆ کەسێک واز لە ئاخاوتنی بێسوود بهێنێت ئەگەرچیش خۆی لەسەر هەق بێت

لە ئەبی ئومامەی باهیلیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «من زامنی بەدەستهێنانی: خانوویەک دەکەم لە لایەکی بەهەشتدا بۆ کەسێک واز لە ئاخاوتنی بێسوود وپوچ بهێنێت ئەگەرچیش خۆی لەسەر هەق بێت، وخانوویەک لە ناوەڕاستی بەهەشتدا بۆ کەسێک واز لە درۆ کردن بهێنێت ئەگەر بۆ گاڵتەیش بێت، وخانوویەک لە سەرەوەی بەهەشتدا بۆ کەسێک ڕەوشتی جوان بێت».

[حەسەنە] [ئیبنوداود گێراویەتیەوە]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی ئەوە دەدات کە ئەو زامنی بەدەستهێنانی خانوویەک دەکات لە لایەک لە لاکانی بەهەشت بۆ کەسێک کە واز لە ئاخاوتنی بێسوود بهێنێت ئەگەرچیش لەسەر هەق بێت چونکە ئەمە کات بە فیڕۆدانە وهۆکاری زیاد بوونی ڕق وکینەیە، وهەروەها زامنی بەدەستهێنانی خانوویەک دەکات لە ناوەڕاستی بەهەشتدا بۆ کەسێک کە واز لە درۆکردن وهەواڵی هەڵبەستراو ئەگەرچیش بۆ گاڵتەکردنی بێت، وهەروەها زامنی بەدەستهێنانی خانوویەکی داوە لە سەرەوە وبەرزاییەکانی بەهەشت بۆ کەسێک کە ڕەوشتی جوان بێت وهەوڵبدات ئاکار وگفت ومامەڵەکردنەکانی ڕێک وجوان بکات.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5804

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee